# دکتۆر خـەلیل عـەبدی و
# مـەزڵوم عـەبدی
# بـاوک و کوڕێـکی سیمبۆڵـی کوردایـەتـی....!!

**هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٥/٣/١٠**




بـە ڕێکـەوت چاوم بـە ڤیدیۆیـەک کـەوت بـەنـاوی ڕێگـای عـەبدی
چاوپێکـەوتـنـە لـەگـەڵ (مـەزڵم عـەبدی ) و بـاوکیدا د. (خـەلیل عـەبدی)
لـەو گفتوگۆ کورتـەدا، د. خـەلیل بـە تـەمـەنێکـی سـەروو هـەشتا ساڵیییەوە زۆر بـەویقار و میهرەبانیییەوە هێشتا لـە نۆرینگـەکـەی چاوی بـە نـەخۆش دەکـەوێ و پشکنینیان بۆ دەکات و چارەسـەریان دەکات.. بـەدەم کاریشـەوە و لـە مـاڵـەوە بـەردەوام خـەریکـی خوێندنـەوەیـە و شیعر دەنووسێ..
پێموایـە هـەم بیسـەر و هـەمیش خوێنـەر بـە ئـاسانـی دەتوانێ ڕایـەڵـەکـانـی بیروبـاوەڕی ڕەسـەنـی کوردایـەتـی و ئـاڕاستـەی فیکری لای نـاوبراو دیاری بکات.. قسـە و پـەیڤ و

دەربڕینەکانی بە زمانێکی ڕەوان و شیرینی کوردی دەردەبڕێ و بە خێرایی دەچنە دڵەوە..
بەندە یەکەوراست دوای گوێبیست بوونی گفتوگۆکانی خەیاڵم بۆ خاڵێک چوو وا لێرەدا بە سەرپێی ئاماژەی پێ دەدەم و هەقە بێتە جێی بایەخ و زیاتر گرنگی بەم کەسایەتییە بدرێ.
مایەی دڵخۆشییە کەوا مەزلوم کۆبانی لە ئامێزی پیاوێکی وادا گۆشت و گەورە بووە، بۆیە کەموزۆر ڕێچکەی باوکی بە کاڵیش بێت پێوەی دیارە .
دیارە سیاسەت و بەرپرسیارێتی ڕێگەی مەزلوم نادا، هەموو شت لە دڵەوە بڵێ. کە سەرنجیشی لێ دەدەیت بۆن بە هەست و نەستییەوە دەکەیت کاتێک لەبەر هەر هۆکارێک بێت !کە دەیەوێ دیبلۆماسییانە خۆی لە دەربینی هەست و نەستی ناخی و وتنی هەقیقەت بە کامی دڵی بدزێتەوە، هەناسەیەک هەڵدەمژێ و ئیستێکی کورتی بۆ دەکات کەمێک لەسەرخۆ دەئاخڤێ ، کە ڕاستەوخۆ تەواوی پێشهاتەکە بە روخسارییەوە دیارە.
جەنەڕاڵ مەزلوم کەسێکی سەربازی لێهاتوو و دڵسۆز و قارەمانە، ساڵانێکە بەرپرسیارێتییەکی گەورەی نەتەوەیی گرتۆتە ئەستۆی خۆی!..بەهیوام بەو شیر و بیروباوەڕەی باوکی کە پێی گۆشتکراوە، درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدات و کاریگەرێتی حیزبی ناکوردستانی و بیرو ئایدۆلۆژیای دەرەکی لەسەری نەبێت و خۆیشی بۆئەوەی جیاواز بمێنێتەوە و سەروەریی گەورە تۆمار بکات و دەستکەوتی شایستە بەدەست بهێنێ، مێژوویەکی باشتر لە خزمەت و کوردایەتی کردن تۆمار بکات، رازی نەبێت بچێتە ژێر چەتری حیزبێکەوە و تەنیا سەنگەری کوردایەتی روانگە و جێگە و هەواری بێ. هەر کوردایەتیش دەروازەی جیهانبینی مرۆڤایەتی بێت.
لێرەدا مشتێ لە وشە و دەربڕینانەیەی لەو گفتوگۆ کورتەیە لەتەک د. خەلیل ئەنجام درا دەخەمە بەرچاو، کە لە خەرمانی بیری نەتەوەییەوە سواڵە و مەڵۆ کراون و زادەی سەرچاوەیەکی پاکی کوردایەتین.
[[کورد پارچە کراوە
زمانی ستاندارتمان پێویستە بۆئەوەی لە یەکتر بگەین..
نایەکگرتوویی لە سەرکردەکاندایە، نەک لە میللەتدا..
ئێمە لە تەنگانەداین
ئێستا رۆژگارێکە ئێمە بە دوای مافەوەین و بۆ من نابێ شیعری رۆمانسی بنووسم]]

ئەمەش نموونەیەکە لەو شیعرەی خوێندییەوە
ئازادی تاج و بەندە و زێڕین
تەنیا بندەست ئەو تاجە دەبینن

ژ بەر گەلی گەلی کورد نەها بندەستە
بە تەنیا نەزانن ئازادی بنرخێنن
کورد ئەگەر تاجا زێڕین دەخوازێ
بلەز ئازادی لە کۆبانییە پێک بهنێ
بەڵێ باری ئازادی زۆر گرانە
گەر نەکاری گەلی خۆ مەخاپێنە
سڵاو لە باوک و کوڕی ڕێبازی کوردایەتی....